کاتێک پیاوێک لە عەرەفاتدا لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی بوو؛ کەوت، وملی شکا، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بە ئاو وگڵای کنار بیشۆن، لە نێو دوو بەرگەکەیدا کفنی بکەن، وبۆنی لێمەدەن، وسەری دامەپۆشن؛ چونکە ڕۆژی قیامەت لەسەر تەلبیە کردن زیندوو دەکرێتەوە

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «کاتێک پیاوێک لە عەرەفاتدا لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی بوو؛ کەوت، وملی شکا (مرد)، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بە ئاو وگڵای کنار بیشۆن، لە نێو دوو بەرگەکەیدا (جلەکەیدا) کفنی بکەن، وبۆنی لێمەدەن، وسەری دامەپۆشن؛ چونکە ڕۆژی قیامەت لەسەر تەلبیە کردن* زیندوو دەکرێتەوە ». *(تەلبیە کردن واتا ووتنی: «لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لا شريك لك لَبَّيْكَ، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك»، ماناکەی: «خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین، خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین وهیچ هاوبەش وشەریکێکت نییە، بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاس ومولْکێک تەنها هەر بۆ تۆیە، هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە»)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک پیاوێک لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی بوو لە ڕۆژی عەفەرەدا لە حەجی مالْئاوایی کەوتە خوارەوە وملی شکا ومرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن بەوەی کە بیشۆن وەکو مردووەکانی تر بە ئاو وگڵای کنار، وبە جلی بەری خۆیەوە کە جلی ئیحرام کردنە لە دوو پارچە پۆشاک پێکهاتووە کفنی بکەن. لەبەرئەوەی لە حەجدایە (موحریمە) وشوێنەواری پەرستنی لەسەر ماوەتەوە؛ بۆیە نەهی لێکردن لەوەی بۆنی لێبدەن وسەری دابپۆشن، وحیکمەتی ئەمەی بۆیان ڕوونکردەوە؛ ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە لەسەر ئەو شتە زیندووی دەکاتەوە کە لەسەری مردووە ئەمیش بریتیە لە تەلبیە کردن* کە یەکێکە لە دروشمەکانی حەجکردن. *(تەلبیە کردن واتا ووتنی: «لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لا شريك لك لَبَّيْكَ، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك»، ماناکەی: «خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین، خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین وهیچ هاوبەش وشەریکێکت نییە، بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاس ومولْکێک تەنها هەر بۆ تۆیە، هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە»)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3180